
# سیناریۆیەک لەسەر فرۆید

«سارتەرێکی فرۆیدی یان فرۆیدێکی سارتەری؟»




ماری ئەندرێ شاربۆنۆ

وەرگێڕانی: **بۆتان بەختیار**

له ساڵی ۱۹۵۸دا، جۆن هیوستن[ـی فیلمسازی ئەمریکی] بڕیاریدا فیلمێک لەسەر فرۆید درووستبکات و داوای لە ژان پۆڵ سارتەر کرد سیناریۆکەی بۆ بنووسێت. بۆچی سارتەر؟ هیوستن لە خۆژیاننامەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەودەم سارتەری بە باشترین کەس زانیوە بۆ پرۆژەکەی، چونکە سارتەر زۆرباش ئاگاداری کارەکانی فرۆید بووە و دەشیتوانی هەم لۆژیکییانە و هەم بابەتییانە لە [ئایدیا]ـی بابەتەکە نزیکببێتەوە.

سەرەتا با بزانین سارتەر خۆی چی دەڵێت. ساڵی ۱۹۷۵ لە چاوپێکەوتنێکدا، سارتەر دانی بەوەدا نا کە بەدرێژایی دەرگیربوونی لەگەڵ لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیدا، زۆربەی کارەکانی فرۆیدی خوێندووەتەوە. سارتەر دەشڵێت کارەکانی فرۆید پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەم بوون، ئەویش بە بۆنەی ئەوەی وا ئەم کارانە بۆ کەسێک کە پەروەردەی نێو نەریتێکی دیکارتی بوو، ناعەقڵانی دەهاتنە بەرچاو. لەپەیوەند بە نوسینی سیناریۆکەوە، سارتەر دووبارە دەستیدایە خوێندنەوەی کارەکانی فرۆید دگەل چەند وتار و ڕەخنەی تریشدا. ئەمانەش هاوکاربوون بۆ ئەوەی سارتەر تێگەیشتنێکی باشتر و ڕوونتری هەبێت لەمەڕ کارەکانی فرۆید. هەرچەندە بە تێڕوانینی سارتەر، هیوستن "کەسێکی هەڵەی هەڵبژاردووە [بۆ ئەوەی سیناریۆکە بنوسێت]، چونکە نەدەبوو کەسێک هەڵبژێرێت کە ئیمانی بە نەست(unconscious) نیە و داشنیشێت لە بەرژەوەندیی فرۆید شت بنووسێت"(Sartre, 1981a). بەهەرحاڵ، سارتەر پێشنیارەکەی هیوستنی قبووڵکرد چونکە، وەک لە هەمان ساڵدا لای میشێل کۆنتات درکاندبووی، سارتەر پێویستی بە پارە بووبوو. سارتەر وەزعی باش نەبوو و هیوستنیش ۲۵۰۰۰ دۆلاری بۆ ئامادەکردبوو، ئیتر بەو جۆرە سارتەر کارەکەی قبووڵکرد. پاشهاتەکانی دواتریش ئاشکرا و ناسراون: سارتەر سەرەتا کورتەیەکی بۆ هیوستن نارد،

پاشان نوسخەی یەکەمی سیناریۆکەی بۆ نارد کە هێند درێژ بوو، گەر بکرابا بە فیلم ئەوا پێنج کاتژمێری دەخایاند. هیوستن داوای بڕینی هەندێک لە سیناریۆکەی کرد و پاشان لە ماڵەکەی وی، دوو کەسی دیکە هاتن بۆ ئەوەی دووبارە کار لەسەر دەقی سیناریۆکە بکەنەوە. سارتەر و هیوستن ڕقیان لە یەکتر دەبووەوە. دواتر سارتەر گەڕایەوە بۆ پاریس بۆ ئەوەی نوسخەی دووەمی سیناریۆکە بنوسێت، بەڵام ئەمەی دووەمیان لەوەی یەکەم درێژتر بوو. ئیتر هیوستن کۆمەڵێک سیناریۆنوسی پیشەگەر(پرۆفێشناڵ)ـی هۆڵیودی بەکرێگرت تاکو نوسخەی کۆتایی سینارۆیەکە هەڵبگۆڕن. سارتەر دوای ئەمە داوایکرد ناوی لە هەموو شتێکدا بسڕدرێتەوە. سیناریۆکەی سارتەر لە ساڵی ١٩٨٤دا و لەلایەن جەی.بی.پۆنتالیسەوە بڵاوکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە پێکدێت لە کورتەی یەکەمی ١٩٥٨، نوسخەی یەکەمی ١٩٥٩، نوسخەی دووەمی ١٩٥٩- ١٩٦٠ و هەروابێتەوە هێڵکارییەکیش کە بەراوردی نێوان هەرتک نوسخەکەیە.

لەم شیکارییەمدا زیاتر لەسەر نوسخەی یەکەمی سیناریۆکەی سارتەر دەوەستم؛ ئەو سیناریۆیەی بۆ ماوەی دوو هەفتە کارکردن لەگەڵ هیوستندا، لە پێشدەمدا بوو. گەر لۆژیکییانە قسەبکەین، ئەم نوسخەیە دەبێت کەمتر بکەوێتە ژێر کاریگەریی دەرهێنەرەکە و زیاتر هی سارتەرییە خاڵسەکان. ئەو پرسیارە سەرەکییەی کە دەبێت بکرێت هەر ئەوەیە وا لە ناونیشانی پێشەکییەکەی پۆنتالیسدا هەیە: سیناریۆیەک لەسەر فرۆید یان سیناریۆیەک لەسەر سارتەر؟ بە دەربڕینێکی تر، ئایا لەم سیناریۆیەدا ڕووبەڕووین لەگەڵ فرۆیدێکی سارتەریدا یاخۆ سارتەرێکی فرۆیدی؟ لە بەرانبەردا من هەردوو ئەگەرەکە دەپشکنم.

به تێڕوانینی هیوستن، گرنگه ئەوە بزانین کە "ئایدیا سەرەکییەکە دەرهەق بە فرۆیدێکی سەرکێش و گەڕیدەی ناو نەستی خۆی، هی من بوو(Huston؛1965). سارتەر دبێژێت "ئەوەی خولیای هیوستن بوو، دەرخستنی سەروەختێکی ژیانی فرۆید بوو-نزیکی سییەکانی تەمەنی-کە فرۆید تەواو هەڵە بوو؛ ئەو سەروەختە نەبوو کە تیۆرەکانی فرۆیدیان بەناوبانگ کرد، بەڵکو ئەو کاتە بوو کە ئایدکانی فرۆیدیان بێهیوا کردبوو. دەزانن فەترەیەک فرۆید بڕوای وابوو، ئەوەی دەبێتە هۆی هیستریا، دەستدرێژیی باوکەکانە بۆ سەر کچەکانیان. ئێمە لەوێوە دەستپێدەکەین و لە پیشەکەیدا ملدەکێشین تا دەگەینە دۆزینەوەی گرێی ئۆدیپ"(Sartre. 1976). بەم چەشنە، ئیقتیباسەکەمان(quotation) لە سارتەر کۆمەکماندەکات تێبگەین لە خواست و خولیای سارتەر بۆ ئەو کارەکتەرەی کە دوای تێکشکان و ئاڵنگاریی لەگەڵ خۆ-دا، دووبارە زاڵدەبێتەوە بەسەر قەیرانەکاندا. سارتەر لە پەیوەستکردنەوەی ئازار و کۆست و ئەشکەنجەی کارەکتەرە پاڵەوانەکەیدا، تا ئاستێک بەرانبەر بایۆگرافیاکەی [ئێرنست]جۆنز بەوەفا دەمێنێتەوە، ئەوەی تێیدا باسی سەردەمی گەنجیی فرۆید کراوە[1]. بەڕوونی، ئەو چیرۆکەی دەبێت بگێڕدرێتەوە[لە فیلمەکەدا]، لەنێوان ساڵانی ١٨٨٢ بۆ ١٩٠٠ ڕوویداوە، فاکتەکان دەبێت چڕ و پوخت بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاستی درێژخایەنیی فیلمەکە بپارێزرێت و چەند حاڵەتێکیش درووستبکرێن کە سەرنجی بینەر ڕاکێشن. بێگومان ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئاناکرۆنیزم و هەڵەی مێژوویی، بەڵام من لێرەدا زۆر لەسەریان ناوەستم. گرنگیشە ئاماژە بەوە بدەین، ئەم هەڵە کاتەکی‌یانە خزمەت بە ئامانجێک دەکەن وا ڕێگە بە نوسەر دەدات لەوەدا کە بینەر/خوێنەر ئاگاداربکاتەوە لە زۆر ڕەهەندی تری فیکری فرۆید کە هەر دەبوو نەزمێکی کاتەکیی ڕێکتریان دابنایە بۆی. ئەم پەستاوتن و بچووککردنەوە(ـی سیناریۆ)یە سەردەکێشێت بۆ درووستکردنی ئاوێتەیەک

[1] See for example Koch ؛ 9-10 and Barnes 53-55

له نەخۆشەکانی فرۆید، وەک: کاسیلی ئەوەی لە کەیسە بەناوبانگەکەی "دۆرا"وە دارێژراوە(فرۆید هەرگیز نەیتوانی چارەسەریبکات)، ئێلیزابێس و م... و هتد. هەندێ نەخۆش و خەونیش تەنها بۆ خزمەتی حەکایەتەکە درووستکراون[2]، بەهەرحاڵ پێموانیە لێرەدا تاوانێکی گەورە کرابێت. چونکە ژیان و کارەکانی فرۆید بە هەڵە نەنوێنراونەتەوە. ئەی ئێستا سارتەر لەکوێیە؟

له خوێندنەوەی سیناریۆکەدا سێ تێما قیتدەبنەوە: ١) تێمای باوک، ٢) تێمای دژەجولەکەبوون، ٣) تێمای لەشفرۆشی. وەرن با ببینین و بزانین ئەم تێمایانە چیمان پێدەڵێن. پرسیار دەربارەی باوک لە ژیان و کارەکانی فرۆیددا هەمیشە هەبووە، چونکە ئەم پرسیارە زۆر توند پەیوەستە بە تیۆری ئۆدیپەوە. سەرەڕای ئەم ڕاستییە، تێمای باوک هێند گرنگیی پێدراوە لە سیناریۆکەدا وا سیناریۆکە دەکاتە سێ بەشەوە: بەشی یەکەم هاوتای جیابوونەوەی فرۆیدە لە ماینەرت، یەکێک لە مامۆستاکانی وی، فرۆید ماینەرتی بە باوکی ڕۆحی دەبینی. بەشی دووەم نوێنەرەوەی نەمانی باوکی دووەمە، کە ئەویش برۆیەرە. بەشی سێیەم نوێنەرەوەی بەرجەستەبوونی باوکی ڕەمزیی سێیەمە، کە ئەوییش فلیسە. بارگۆڕین و جێگۆڕکێکردن بە فیگەری باوک، دەبێتە ڕێبەری بۆ گەشەکردنی فیکری فرۆید. جێهێشتنی ماینەر سیمبولی جێهێشتنی مۆدێلی زانستیی نیورۆلۆژی(دەمارناسی) و زانستی چەندایەتیی تاقیکردنەوەییە لەلایەن فرۆیدەوە. لەکۆتایی ئەم بەشەدا، فرۆید بە هاوکاریی برۆیەر و لەبن کاریگەریی شارکۆدا(کە ڕەنگە شارکۆش باوکێکی جێگرەوە بووبێت هەرچەندە ڕۆڵێکی کەمتری لە سیناریۆکەدا پێدراوە) ڕوودەکاتە خەواندنی موگناتیسی. ئەم کردەیە بە شکست کۆتاییدێت.

---

[2] See for example Gay : 170-173, Bietlot : 153-156,

نەخۆشێکی برۆیەر بە سەروسیمای کێشەدار و ناقۆڵاوە دەردەکەوت و قارەمانەکەمان(فرۆید)ـی دەترساند. فرۆید هێشتا ئامادە نیە ڕووبەڕووی گرێی ئۆدیپ ببێتەوە؛ هێشتا پیوریتان(puritan)ێکە، بێزاربووە و هەڵدێت. لە سەرەتای بەشی دووەمدا، فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەرە نەریتی و تەقلیدییەکانی هیستریا، وەک: گەرماوەکان، مەساجەکان و کورسییە کارەباییەکان(سارتەر، ١٩٨٥). سەرەڕای ئەمانە، لە بەشی دووەمدا، فرۆید هەمیسان دەگەڕێتەوە بان چارەسەری "خەواندنی موگناتیسی". وی، ئەمە لەبەر دوو هۆ دەکات، ١) ماینەر لە سەرەمەرگدا دان بەوەدا دەنێت کە خۆی بەدرێژایی ژیانی کەسێکی هیستریایی بووە، بۆیە داوا لە فرۆید دەکات "ڕاز"ی نەخۆشیی هیستریا هەڵماڵێت ئەگەر "دەستیشی کردبێت بە قورگی شێردا و پەیمانی لەگەڵ شەیتان بەستبێت". ماینەر داوای ئەوەی کرد گەرەکە فرۆید هەر شتێک بکات بۆ ئەوەی سەربکەوێت. ٢) کاتێک فرۆید هاوەڵیی برۆیەری دەکرد، چاویان بە کاسیلی دەکەوێت؛ کەسایەتیی سەرەکیی هیستریایی لە سیناریۆکەدا. فرۆید لێرەدا وردەوردە پەردە لەسەر گرنگیی سێکسواڵیتە لە عوساب(نیورۆسیس)دا لادەدات. هێدیهێدی لێرەوە، فرۆید لەگەڵ ئەو پیسی و ناقۆڵایی و "قورپێوان"ـانەدا ڕادێت و ڕوونیاندەکاتەوە کە هۆکاری نەخۆشکەوتنی کەسەکەن. لەم باسەدا، برۆیەر و فرۆید تەواو دژی یەکترن. کاتێک یەکێک لە نەخۆشە دووگیانەکانی برۆیەر عاشقی برۆیەر دەبێت، برۆیەر لێی هەڵدێت، و کاتێکیش فرۆید ئەمە دەبینێت پشت لە دووەم باوکی ڕۆحی خۆی دەکات؛ پاشان ڕووەو "فلیسی شەیتان" دەڕوات. سێیەمین باوکی ڕۆحی فرۆید، سێکسواڵیتە لە هەموو شوێنێکدا دەبینێت و پاڵی فرۆید دەنێت توێژینەوەکانی بەم ئاراستەیەدا ببات. سارتەر لە سەرەتای بەشی سێیەمدا، فرۆیدێک پیشاندەدات کە "ئۆتۆریتە و دڵنیاییەکی

زۆردارانە"ی لەگەڵ نەخۆشەکانیدا پەرەپێداوە. سارتەر دەنوسێت: فرۆید بە مانای وشە بووەتە توندوتیژ، ئامادەیە دۆخی ئاگایانەی نەخۆشەکانی بقۆزێتەوە لەپێناو کونجکۆڵی(فزووڵی)یە زانستییەکەی خۆیدا. لەڕاستییدا گەر کەسێک دەست لەگەڵ شەیتاندا تێکەڵبکات هەر ئەمەی لێ دەردەچێت(سارتەر، ١٩٨٥). بۆ شەیتانەکان زانست شتێکی نامرۆییە. سوپاس بۆ ئەو "شەیتان"ـەش، کە وایان لە فرۆید کردووە وا غەریزە و پاڵنەرە شاراوەکانی مرۆڤ و سەرچاوەکانی "چاکە و خراپە"یان بناسێت و لەڕێی عەقڵەوە بەڕێوەیانببات. فرۆید بە کاریگەری‌خستنە سەر نەخۆشەکانی، ئامادەیە هەر شتێک بکات بۆ سەلماندنی تیۆری فریودان ـەنەکەی. هەرچەندە دواتر بە یارمەتیی کاسیلی، مردنی باوکی و خۆشیکارکردنەکەی، فرۆید گرێی ئۆدیپی کەشفکرد. ئا لێرەوەیە فرۆید ڕقی خۆی لە باوکی ڕاستەقینەی و ئەو لاوازییەی هەمیشە وی بە باوکیەوە دەبەستەوە، شەرحدەکات. دوای ئەمەش، فرۆید چیتر پێویستی بە باوکێکی جێگرەوە نیە و لە فلیس جیادەبێتەوە. تێمای دووەم، کە ئەویش کاریگەریی پرسی دژەجوولەکەبوونە لەسەر فرۆید، لە بایۆگرافییەکەی ئێرنست جۆنزدا ئاماژەی پێ کراوە [کە لەسەر ژیانی فرۆید نوسیویەتی]. گەرەکە ڕۆڵی ئەم پرسە لە سیناریۆکەدا بناسینەوە بەتایبەت کاتێ لەگەڵ پرسی باوکدا یەکتردەبڕن. ئەوەڵین شت کە هەبێت هاوشوناسبوونی فرۆیدە لەگەڵ هانیبالدا، فرۆید ئەمەی لە کتێبی "لێکدانەوەی خەونەکان"دا باسکردووە و چوواندویەتی بە چیرۆکێک کە باوکی لە تەمەنی دە بۆ دوازدەساڵیدا بۆی گێڕاوەتەوە. باوکی فرۆید(یاکۆب فرۆید) بۆ ئەوەی پیشانی کوڕەکەی بدات کە بارودۆخی جولەکەکان چۆناهی بووە، چیرۆکێکی سەردەمی گەنجیی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە؛ بابەی فرۆید ڕۆژێک بە شەقامێکدا ڕۆیشتووە و کڵاوێکی خوری لە

سەردا بووە و لەپڕ مەسیحییەک کڵاوەکەی فڕداوەتە ناو قوڕاوێک و هاواردەکات بەسەریدا و دەڵێت: هەی جوو! لاچۆ لەسەر ڕێگاکە. پاشان زیگمۆند لە باوکی پرسی "ئەی دواتر چیت کرد؟" ، باوکیشی وتی "سوک چوومە سەر شەقامەکە و کڵاوەکەم هەڵگرتەوە". (Freud 1958، 197). ئەمە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ئەو وێنەیە جێهێشت کە فرۆید لەسەر باوکی هەیبوو. زیگمۆند ئەم حەکایەتەی باوکی لەگەڵ ئەوەی هامیلکاری باوکی هانیبالدا بەراوردکرد، ئەوەی وا هامیلکار سوێند لە هانیبال وەردەگرێت کە تۆڵە لە ڕۆمانەکان بسێنێتەوە. زیگمۆند لێرەدا لەگەڵ پاڵەوانە قیرتاجییەکە-هانیبال-دا هاوشوناسدەبێت، ئەو پاڵەوانەی نوێنەرەوەی خۆڕاگریی جووەکانە بەرانبەر دامەزراوە کاتۆلیکییەکانی ڕۆمانەکان. سارتەر ئەم بارودۆخە بە دوو جۆر بۆ سیناریۆکە دەسازێنێت: یەکەم، بەحەقیقیکردنی چیرۆکەکەی باوکی فرۆید، ئەوەی کە فرۆیدی شەشساڵان شاهیدی بووە. دووەمین، لەلایەک نوسینەوەی سوێندەکەی هانیبال و لەلایەکی تر دەرخستنی خواستی بۆ فرۆید بۆ بوون بە کەسێکی بەناوبانگ بۆ ئەوەی بەها و بڵندیی جووەکان بە مەسحییەکان پیشاندات؛ لەپاڵ ئەمانەشدا، پیشاندانی خرۆش و بێئۆقرەیی فرۆید. خاڵێکی تر کە جێی سەرنجە ئەوەیە، سارتەر هەمیشە دژەجوولەکەبوون بە پاڵنەری ڕەتکردنەوەی تیۆرەکانی فرۆید دادەنێت. ئەمە زۆر ڕوون دەردەکەوێت لەو دوو کۆنفرانسەی وا فرۆید پێشکەشیکردن.(Sartre،1985؛ 73، 319-320). بەڵام سەرەڕای ئەم[وتانەی سارتەر] فرۆید و جۆنز هیچکات ئاماژەیان بەم خاڵە نەداوە. تەنانەت سارتەر پێداگرانە لەسەر ئەو هەژاری و نەهامەتییانە دەوەستێت کە باوکی فرۆید مناڵەکانی تێدا گەورەکردووە، هەژارییەک کە هۆکارەکەی تەنها جولەکەبوون بوو. ئەم هەژارییەش

ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی بەشێک لە کەسایەتیی فرۆید شرۆڤەبکرێت. (Sartre،1985). هەست بە ئامادەیی موسا و یاسا(Law)ش دەکرێت لە دەقەکەدا، دواتر دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە. تێمای سێیەم لەسەر لەشفرۆشی یان لەشفرۆشە. ئەم تێمایە زێدەتر سارتەرییە تاکو فرۆیدی، بەڵام مادەم تێماکە هەیە دەکرێت لە تیۆری سێکسوالیتەی فرۆیدیدا جێیبکرێتەوە.[3] لەشفرۆش لە هەموو جێیەکی سیناریۆکەدا ئامادەیە، لەپاڵ فیگەری باوک و پەیوەستییەکانی بە یاساوە، هەردەم فرۆید ڕاوەنێن. لەشفرۆشەکە دەبێتە هاوشانێک بۆ پیوریتانیزم( (puritanismـەکەی فرۆید. لە سەرەتای دەقەکەدا فرۆید بە مارتا دەڵێت "نابێت بچیتە ژووری پیاوێکەوە، تەنانەت ئەگەر پیاوەکەش دەزگیرانت بێت"(Sartre،1985، 24). کاتێک فرۆید دەگاتە پاریس، بەو شەقامانەدا ناڕوات کە لەشفرۆشی تێدا ئەنجامدەدرێت، نەبادا دڵی بچێتە سەر کارەکە (Sartre،1985، 50). لە گەڕانەوەشیدا بۆ ڤیەننا، سەرڕێکەی هەمووی لەشفرۆشە(Sartre،1985)، تەنانەت دواتر فرۆید خوێندنەوەی *مادام بۆڤاری* لە یەکێک لە نەخۆشەکانی قەدەغەدەکات، چونکە پێیوابوو قێزەونە. بەڕوونی، سارتەر دەیەوێت هەم موحافیزکاری و هەم فزوولیی دکتۆر فرۆیدمان بۆ دەربخات[4]. پەیوەست بە کەیسەکەی کاسیلییەوە، ئەوەی فرۆید وای کرد کاسیلی مەرگی باوکی خۆی لە قەحبەخانەدا بەبیربێتەوە، هەمیسان لەشفرۆشەکان دێنەوە بەر باس. هەر لەم پنتەوەیە یەکێک هەست بە گۆڕانێک دەکات لە فرۆیددا، ئەم گۆڕانەش

---

[3] گرنگە ئاماژە بە کەشفێکی گرنگی ئانێ لاڤەرس بدەین. وی، نامەیەکی فرۆید لە پاسجێکدا بۆ فلیس دەدۆزێتەوە. فرۆید تێبینی هەستی گوناە لەو ژنانەدا دەکات وا هاوشوناسبوون لێل ژنە بەدمۆراڵەکاندا؛ بەتایبەت خزمەتکارەکان یان ئەوانەی لە ئاستێکی سێکسیدا پەیوەستن بە باب یان برایانەوە.

[4] سەبارەت بەمە، سارتەر دەربارەی فرۆید دەڵێت:"ژیانی شەخسیی وی، زۆریش سینەمایی نەبوو. بۆیە دەبوو دیوە دەرەکی و ناوەکییەکانی وی بچەمێنینەوە و تێکەڵیانبکەین.". سیمۆن دی بۆڤواریش دەڵێت، ئێرنست جۆنز بەباشی باسی عوسابەکەی فرۆید ناکات، و هەرگیز پرسیار لە پێوەندیی وی بە ژنەکەیەوە ناکات .

برۆیەر زۆر بەباشی دەریدەبڕێت کاتێ بە فرۆید دەڵێت: "فرۆید، زۆر گۆڕاویت لەبەر چاوم. تۆ سەختگیرترین و مڕوموچترین کەس بوویت تا ئێستا ناسیبێتم، تەنانەت لە قەشەیەکیش زیاتر. ئەو ڕۆژەم بەباشی لەبیرە کە خۆت کوتایە فارگۆنەکەمەوە بۆ ئەوەی خۆت لە ژنێکی عیشوەباز لابدەیت. کەچی ئەمڕۆ دێیت و دەڵێیت پاکیزە(virgin)یەکی منالْکار مەیلی سێکسی بۆ دروستدەبێت؟(Sartre،1985).

فرۆید لێرەوە پەرە بە تیۆرەکەی خۆی لەمەڕ ڕیشە سێکسییەکانی عوساب(نیورۆسیس) و گرنگیی گواستنەوەش دەدات. بەڵام هێشتاش فرۆید لە دۆزینەوەکانی خۆی و لەدەستدانی مارتا دەترسێت. وی دبێژێت: "دەترسم مارتا لۆمەمبکات. ئەوم خۆشدەوێت چونکە وەکو خۆمە، هەم سەختگیر و هەم بێگوناهیش. ئەو بە ناوی ئەو شتانەوە تاوانبارمدەکات کە لای خۆم قیمەتدارن(Sartre،1985). ئا لێرەدا فرۆید پێویستی بە یارمەتیی فلیسی شەیتانە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. فرۆیدی سازوتەیار[5] بە زانست، بڕیاردەدات ئەرکی پاککردنەوەی ڤیەننای پڕ لە لادەر و دووڕوو بگرێتەئەستۆ. لەژێر ناوی حەقیقەتدا، ئەم "جولەکە چەپەڵە، بەرازێک وەک هەر جولەکەیەکی تر"، دەستدەداتە تاوانبارکردنی باوکە بەدکارەکان. جولەکەیەک کە ڕۆحی هەم ئازارچەشە وهەم گیانبەخشیش(Sartre،1985). دواتر فرۆید کاسیلیش ڕزگاردەکات، ئەوەی خۆی بە لەشفرۆش دەزانی؛ هەر واش بوو چونکە هەمیشە بۆ کارەکەی بە دوای خەڵکدا دەگەڕا. دواتر مردنی باوکی، دەبێتە هۆی ئەوەی فرۆید بکەوێتە کنەکردنی نیهانی خۆی. بەڵام ئەمەش تەنها بە یارمەتیی کاسیلی ڕەخسا و ئاوها توانی خۆی بناسێت.

---

[5] Armed

لێرەوە تێدەگەین کە تیۆری لەخشتەبردن[6] هەڵەیە. باوکی کاسیلی تەنها لەشفرۆشەکانی خۆشدەویست و دایکیشی هەمیشە پرتەوبۆڵەی ئەوەی دەهات کە مەخلوقێکی بەشمەینەتە و بەس بۆ ئەوە کراوە بناڵێنێت بەدەست ئەتواری مێردەکەیەوە. ئاوها، فرۆید گرێی ئۆدیپیش کەشفدەکات. لێرەوە لە پرسی باوک نزیکدەبینەوە. وەک هەر کوڕێکی گەنجی تر، فرۆیدیش ئیرەیی بە باوکی دەبرد، هەم زۆری خۆشدەویست و هەم ڕقیشی لێی دەبووەوە. لەجیاتیی یاکۆبی نەرمونیان، فرۆید زیاتر دەیخواست باوکێکی ڕەقتری وەک موسا(Moses)ـی هەبێت، موسای ڕاگر و پارێزەری یاسا. بۆیە فرۆید زووزوو دەنووسا بە باوکێکەوە و دواتر هەر کە خاڵی لاوازی تێیاندا بدۆزیایەتەوە خێرا جێیدەهێشتن. فرۆید لە هەموو ژیانیدا، لانیکەم وەک ئەوەی سارتەر دەیڵێت، هەمیشە هەستی کردووە پێویستی بە زۆردار[باوک]ێکە. ڕۆژێکیان بە فلیس دەڵێت "هەمیشە پێویستم بەوە بووە لەژێر کاریگەریی یەکێکدا بم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت بمەوێت لە خۆڵۆمەکردن هەڵبێم...تۆ لەوە ناترسیت کەسێک لەسەرتەوە نەبێت؟ هەرچۆنێک بێت تۆ زۆردار و سەرداری منی. تا ئەو جێیەی تۆم خۆشبوێت، پێویست ناکات خۆم ببم بە "ئاسمان" بۆ خۆم. چیت هەیە بۆ ئەم قسانەم؟ پیاوێکی تەمەن چلساڵ لە گەورەبوون دەترسێت". بڕۆیەر دان بە شتێکی وەهادا دەنێت، جارێک بە فرۆیدی وتبوو "بەتەنها؟ هەرگیز بەتەنها نیت هاوڕێ داماوەکەم. تۆ بۆ ئەوەی بەردەوام بیت پێویستت بە سەرگەورە و ئاغا(Master)ـێکە". کەوابێ ئەو فرۆیدەی سارتەر دەیخاتەڕوو، پیاوێکە دەیەوێت بەناوبانگ بێت بەڵام بەتەنها ناتوانێت. وی، پیاوێکی نامۆبووە و بەتەنها پێیناکرێت، دەیویست لە بنیادنانی کۆی بوونی و پڕۆژەکانیدا دەستی لەگەڵ خودادا

[6] Seduction theory

هەبێت. دانیناوە بەوەدا کە حەزیدەکرد موسا باوکی بێت، بۆ ئەوەی دوای یاساکانی بکەوێت(Sartre, 1985a). سیناریۆکەی سارتەر وردەوردە لێرەوە دەپەڕێتەوە بۆ گەشەسەندنەکانی ئەم کارەکتەرە، ئازادبوونی فرۆید و پشتبەخۆبەستنی وی دەخاتەڕوو. فرۆید لە کۆتاییدا درک بەو باوەڕە خراپە دەکات کە چەنێکە گیرۆدەیەتی؛ "لە خۆم دەترسام، ڕەتمدەکردەوە گەورە ببم و چاوبرپمە حەقیقەت... دەچوومە پەنا ئەو باوکانە بۆ ئەوەی خۆم لە خۆم بپارێزم. لەکۆتاییدا هیچم بۆ نەمایەوە و هەمووم تێکشکاندن". ئێستا هەم باوکی ڕاستەقینە[بایۆلۆژی] و هەم باوکە جێگرەوەکانی تریش مردوون، فرۆید بەم دەرەنجامە دەگات: "ئێستا بەتەنهام و ئاسمانیش بۆش و بەتاڵە، چیتر بەتەنها کاردەکەم، خۆم دەبمە تاکە دادوەر و تاکە شایەتی خۆم"(Sartre، 1985). ئەگەر وێڵبوون و سەرلێشێواویی پاڵەوان[ـی سیناریۆ]کە بە باوەڕی خراپ ناوزەدکرابێت، ئەوا هێشتاش سارتەر ئەو بارودۆخانە کپناکات کە فرۆیدیان کرد بە فرۆید. وەک پێشتر ئاماژەمپێدا، گرنگیی تێمای دژەجولەکەبوون هەر لە سەرەتاوە خراوەتە بەر گوێ. فرۆید وەک جولەکەیەک دەیەوێت بەناوبانگ بێت و تۆڵەی باوکی بکاتەوە و لە سووکایەتی و هەژاری ڕزگاربێت. دیالۆگێکی نێوان فرۆید و مارتا لە سەرەتای سیناریۆکەدا ئەمە ڕووندەکاتەوە:-

فرۆید: جوولەکە هەر وا سادە ڕێگەنادات کەسێکی ئاسایی بێت.

مارتا: جا بۆچی نا؟

فرۆید: چونکە کەسی ئاسایی نا-جولەکە(goy)یە. ئەگەر جولەکەکان نەیسەلمێنن کە باشترینن، ئەوا پێیاندەوترێت خراپترین(Sartre، 1985).

کاریگەریی *پیوریتانبوونی* فرۆیدیش هەر هێندەی ئەمە گرنگە. فرۆید بەرهەمی زەمەنی خۆیەتی. سارتەر، فرۆیدێکی توندوتیژ کە سەرقاڵە بە پرسە نەریتییەکانەوە، پیشاندەدات. هەروابێتەوە فیگەرە پەراوێزخراوە هیستریاییەکانیش سەرنجی فرۆیدیان ڕادەکێشا. جارێک ماینەرت پێیدەڵێت "تێدەگەم بۆچی شێتی و تورەیی ئەوانیتر سەرنجیانڕاکێشاویت، پێتوایە ئەوەی خۆت لەبیردەکەیت، بەڵام دووبارە لەوانی تردا دەیدۆزیتەوە". ئەمە لە ئارەزووی باوککوژییدا ڕوونبووەتەوە، کە یاسای پیرۆز(Divine Law) یاساغیدەکات، یەکێک لە نەخۆشەکان بە ناوی کارڵەوە پێشتر باوکی ڕیسواکردبوو، کاتێ فرۆیدیش ئەمە دەبیستێت وازیلێدێنێت و دەیداتە دەست چارەنووس، چونکە بە شتێکی بێزراوی دادەنێت. هەر کە چیرۆکەکە بەردەوامدەبێت، فرۆید دەستەویەخەدەبێتەوە لەگەڵ شەیتانەکانی ناو خۆیدا و تێدەگات کە خۆیشی فریشتە نیە(Sartre، 1985). گەڕان بەدوای حەقیقەت(Truth)دا دواجار وات لێدەکات مۆراڵی نەریتی بەربدەیت. بۆ ئەوەی هەر بەڕاستی لە مرۆڤەکان تێبگەیت، دەبێت ئاکاری نەریتی و تابوو[حەرامکراو و یاساغ]ـەکان و چەپێنراوەکانیان بناسیتەوە و دەستەویەخە بیت لەگەڵیان. فرۆید درک بە شتێکی جەوهەری دەکات، ئەو دەڵێت "دەبێت بزانم ئەوان[نەخۆشەکان] چیین لە مندا و منیش چییم لەواندا"(Sartre، 1985). فرۆید ئاوها لە پیوریتانێکەوە دەبێتە پارێزەری ئاکار و ئەخلاق دواجاریش سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییەک بەدەستدێنێت. هەروەتر، ئەم پێشکەوتنانەی فرۆید لە تێڕوانینەکانی ویدا بۆ پەیوەندیی نێوان دەروونشیکار-نەخۆش ڕەنگدەدەنەوە. ئۆتۆریتە و هەندێ جاریش هێزێکی توندوتیژ بۆ پێشنیارکردن، دەرچەیەک ڕووەو ڕێزگرتن و وازهێنان لە لۆمەکردنی ئەویتر دەکەنەوە. [بەپێی سیناریۆکەی سارتەر،

فرۆید دەڵێت] "من بردمەوە کاسیلی. سوپاس بۆ تۆ، وابزانم ئێستا لە هەردووکمان تێدەگەم. ئێستا ئەو شتەی گرنگە ئەوەیە کە چیتر بژین ". لە کۆتاییدا سیناریۆکەی سارتەر هاوتای ئایدیا بنجییەکەی هیوستنە. هیوستن دەڵێت "ڕۆچوونی فرۆید بەنێو نەستدا، هێندەی ڕۆچوونی دانتی بە دۆزەخدا ترسێنەرە"(1980). گرنگە ئەوەش بزانین، کە ساڵی ١٩٤٦ هیوستن بەرپرسی بەرهەمهێنانی شانۆیی ((No Exitـی سارتەر بوو، هەروا بێتەوە مشتومڕی دەرهێنانی فیلمێکیشیان لەسەر ( The Devil and the good Lord)ـی سارتەر کردبوو. خواست و مەیلی هیوستن بۆ ئەم دوو بەرهەمەی سارتەر، پڕاوپڕ دەبنە پاساو بۆ ئەوەی کە بۆچی هیوستن سارتەری وەک سیناریۆنووس هەڵبژارد. فیلمەکە پڕە لە هەمان ئەو تێمایانەی وا لە کارەکانی تری سارتەردا بوونیان هەیە. بۆنمونە خێر و شەڕ، بەهەشت، فریشتە، کێشەی ئەویتر و ڕەخنەکردنی بۆرژوازییەکان، دەستپیسکردن، گوێڕایەڵبوون/فەرمانکردن، پرسی جولەکە(فرۆید خۆی وەک بەرجەستەکەری جولەکەیەکی ڕەسەن[7] دەردەخات و برۆیەریش وەک نارەسەن)، تێمای باوک، لەشفرۆشی بەڕێز، بوون وەک ئیختیار، ئازادی، قبووڵکردن یان وەستانەوە دژ بە ئاکارە نەریتییەکان و هتد...هەموو ئەم توخم و تێمایانە ئەوە دەردەخەن کە فرۆیدی ناو سیناریۆکە، پاڵەوانێکی سارتەرییە. ئەی چی دەربارەی پێچەوانەکەی؟ ئاخۆ نوسینی ئەم سیناریۆیە سارتەری نەکردە فرۆیدییەک؟ یان لانیکەم نەیکردە فرۆیدییەک زیاتر لەو سارتەرەی پێش قبووڵکردنی ئەم پڕۆژەیە؟ بۆچوونەکان زۆرن و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێن، یەکلاکردنەوەی ئەمەش لە توانای من و لەم تێکستەدا نیە. خۆم لە هەندێ گۆشەی جیاوازی کێشەکە دەخشێنم بۆ ئەوەی

---

[7] Authentic

وێنەیەکی ڕوونتر بخەمەڕوو. با یەکەمجار لە سارتەر خۆیەوە دەستپێبکەین. لە ساڵی ١٩٧٥دا و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ میشێل کۆنتات، سارتەر وتی:

هەر لە بنەڕەتەوە شتێکی کۆمیدیی دەربارەی ئەم پرۆژەیە هەبوو، [ئەویش ئەوە بوو کە] داواکردن لە کەسێکی وەک من، کەسێک کە هەموو ژیانی نکۆڵیی لە هەبوونی نەست کردووە، بۆ ئەوەی شتێک لەسەر فرۆید بنووسم، فرۆیدی گەورە-مامۆستای نەست. لەڕاستیدا هیوستن نەیدەویست من لەسەر نەست بنووسم، دواتر هەر ئەمەش بوو ئێمەی جیاکردەوە. [بەڵام] کارکردن لەم پرۆژەیەدا وای لە من کرد باشتر لە فرۆید تێبگەم و جارێکی تر بچمەوە بەو بیرکردنەوانەمدا کە دەربارەی نەست هەمبوون.

هەندێ گۆشەی جیاوازتر هەن، بۆنمونە هازڵ بارن دەڵێت لە گفتوگۆیەکیدا لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ سیمۆن دی بۆڤواردا، دی بۆڤوار وتوویەتی "ئەو سینارۆیەیە نرخێکی ئەوتۆی نەبوو، تەنها بۆ پارەکە بوو". هازڵ بارنیش دەڵێت "ئەو[واتە دی بۆڤوار] پێداگریی لە ڕێزی سارتەر بۆ فرۆید دەکردەوە، بەڵام پێیوابوو سیناریۆکە هیچ گۆڕانکارییەکی لە [دۆخی فیکریی] سارتەردا درووستنەکردبوو". بەڵام چۆن دەتوانین وەسفی ئەو دۆخە [نەگۆڕاوە] بکەین؟ دەبێت ئەمە ڕوونبکرێتەوە. پێش هەموو شتێک، دەتوانین بڵێین ڕەخنەکانی سارتەر لە دەروونشیکاری و نەست دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای کارە فەلسەفییەکانی. لە [Transcendence of the *Ego*]دا، کە لە ١٩٣٤دا دەینووسێت، سارتەر هەندێ شکست و کێشەی دووبارەبووەوەی سایکۆلۆژیستەکان دەردەخات. کێشە و خەلەلەکەش ئەمەیە "تێکەڵکردنی بنیادی جەوهەریی ئەکتە نوێنراوە(ڕەنگدەرەوە)کان و بنیادی جەوهەریی ئەکتە نەنوێنراوەکان. وتراوە کە هەمیشە ئیمکانی هەبوونی دوو فۆرمی ئاگایی هەیە. هەموو جارێک ئەو

ئاگاییەی وا دركدەكرێت، دەدرێتە پاڵ نەنوێنراوەكانەوە، ئینجا یەكێك دێت و بنیادێك دەنیشێنێتە مل ئەمە و پێداگرانە ناویلێدەنێت نائاگایی(نەست) "(1957، 55-56) . لە (sketch for a theory of emotion)دا كە چەند ساڵێك دواتر و لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ دەینووسێت، سارتەر ڕەخنەكانی بەدیاریكراویی ئاڕاستەی پرەنسیپەكانی دەروونشیكاری دەكات. وی دەنووسێت: "شەرح و لێكدانەوەی دەروونشیكارییانە، دیاردەی ئاگایی وەك بەواقیعیكردنێكی ڕەمزییانەی ئارەزوو-كە بەهۆی سانسۆرەوە چەپێنراون-دركدەكات. لەپەیوەست بە ئاگاییەوە، ئارەزوو وەك بەواقیعیكردنێكی ڕەمزی پیشاننادرێت. گەر بەپێچەوانەوە بووایا و ئاگاییەكی ڕاستەوخۆمان دەرهەق بە ئارەزوو هەبووایا، ئەوا بێچەنوچون دەبوو غێلوغەش بكەین. لە ڕاستیشدا ئەمە ئەو شتە نیە دەروونشیكاری پێمانی دەڵێت. شتەكە بەم جۆرەیە، ناواخنی ڕەفتاری ئاگایانەمان ڕێك لە دەرەوەی ئاگایی خۆیەوەیەتی، یان بە دەربڕینێكی تر، ئەوەی دەبێتە مانا و مەدلوول(**signified**)، لە دەرەوەی پرۆسەی دەلالەتكردنەوەیە. بەپوختی، ڕاستیی ئاگایی پێوەندە بەو شتەوە كە دەریدەبڕێت، یان وەك شتێك كە ئەنجامی ڕووداوێكە و گرێدراویشە بە ڕووداوەكەوە".

سارتەر بەقووڵی دژی ئایدیای پەیوەندیی هۆمەندانەی نێوان ئارەزووی و چەپێنراو و ئاگاییە، چونكە ئەمە دواجار وای لێ دەكات "دەست لە كۆجیتۆ دیكارتییەكە هەڵگرێت و ئاگایی وەك دیاردەیەكی پاسیڤ و پلەدوو دركبكات". دەتوانین ئەوەش بڵێین، بە تێڕوانینی سارتەر، ئەو سیمبولیزمە چەقیوەی لە دەروونشیكاریدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خووەی تیۆریستەكان پێوەیان گرتووە؛ خووی دۆزینەوەی هۆكاری ڕەقوپتەو بۆ هەر فاكتێك كە لێی دەڕوانن. دەتوانین لە كتێبی وێناكردن: ڕەخنەیەكی سایكۆلۆژییانەی

سارتەر هەمان تێڕوانینەکانی پێشووتری ببینینەوە. هەرچەندە لەمەیاندا زیاتر باسی سایکۆلۆژیای بەزەینداهێنانەوە[8]ی وێنە و وێناکردن دەکات و ڕاستەوخۆ ئاماژەیەکی بە دەروونشیکاری نەداوە. سارتەر لەوێندەر دەنوسێت "تەنها دوو تایپی بوون هەن، وەک شتلەجیهاندا و وەک ئاگایی، ئەم دووانەش سەر بە یاسای ئۆنتۆلۆژیین". هەمدیس دەنوسێت " وێنە نە لەناو ئاگاییدایە و نە شتێکی واش مومکینە، بەڵکو وێنە خۆی تایپێکی دیاریکراوی ئاگاییە، وێنە ئەکتە نەک شتێکی تر. وێنە ئاگاییە دەرهەق بە شتێک". لە لایەکی ترەوە و هەر نزیک لەو سەروەختە، سارتەر کتێبی سایکۆلۆژیای وێناکردن دەنووسێت، لەوێدا بەئاشکرا چەمکە دەروونشیکارییەکانی وەک گواستنەوە، چڕبوونەوە و بڵندبوونەوە و هتد بۆ خزمەتی میکانیک و سایکۆلۆژیای بەزەینداهێنانەوە بەکاردێنێت. لەساڵی ١٩٤٣، لە کتێبی بوون و نەبووندا، بە خورت و تاسەوە هەمیسان ئەو ئایدیایانەی وا لە کارەکانی پێشتریدا ئامادەبوون، زەقدەکاتەوە. پێش هەموو شتێک، سارتەر فەسڵێکی گرنگی کتێبەکە تەرخاندەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرکەوتنی باوەڕی خراپ، ئەویش لەڕێی سازدانی باسێک لەمەڕ کردەی لۆمەکردن و پاشانیش بە بێکەڵک پیشاندانی بیرۆکەی نەست. دواتر، سارتەر ئەمە ناودەنێت "زمان و ئوستورەی ماتریالیستیی دەروونشیکاری. کەوابێ، لە لایەکەوە شەرحکردنەکان لەڕێی بیرۆکەی نەستەوە، نەستێک کە نەزم و یەکێتیی دەروون تێکدەدات، هەمیشە یەکەمین دەرکەوتن بە گرنگ وەرناگیرێت. لە لایەکی تریشەوە، ناکۆتا تایپی ڕەفتار لە باوەڕی خراپ هەن کە دژ بەم شەرحکردنانە بن، چونکە جەوهەریان تەنها لەبەر ڕۆشنایی نەستدا دەکرێ ڕوونبکرێنەوە". بەهەرحاڵ، سارتەر لێرەدا کۆتاییناهێنێت بە ئاماژەکردن بۆ فرۆید،

---

[8] Associational psychology

چونکە لە وەگەڕخستنی پڕۆژەکەیدا، کە ئەویش دەروونشیکاریی بوونگەرایانەیە، دەخوازێت کە جیاوازییەک بخاتە نێوان ئەمە و دەروونشیکارییەکەی فرۆید؛ بە قەولی وی، دەروونشیکارییەکەی فرۆید ئیمپریکی بوو. پێش هەموو شتێک، دەروونشیکاریی بوونگەرایانە بەڕوونی پەیکەر و بینا و کارکردی نەست[بەو شێوەیەی کە پێشتر باسکراوە] ڕەتدەکاتەوە. سارتەر دەڵێت "نەست وا دەکات دەروون و ئاگایی هاوتا و ڕاستەوانە پێکەوە بڕۆن". سارتەر جیاوازیی‌ش دەخاتە نێوان "تیاژیاو"[9] و "زانراو"[10]ـەوە. ئاوها، مادەم سوبێکت لە پڕۆژەکەدا دەژی، ئەوا ئەم تیاژیانە شتێکی ئاگایانەیە، کە مەرجیش نیە شتێکی زانراو بێت. بە دیدی سارتەر، لێکۆڵینەوەی دەروونشیکارییانە وا ناکات سارتەر ئاگایی دەرهەق بەوە بەدەسبخات وا ئەو کێیە، بەڵکو جۆرێک لە مەعریفەی پێ‌دەدات دەرهەق بەوەی سارتەر کێیە.

ڕەهەندێکی تر کە دەروونشیکاریی ئیمپریکی و بوونگەرایانە تێیدا ناکۆکن، **لیبیدۆیە**. بە تێڕوانینی دەروونشیکاریی بوونگەرایانە، مادەم لیبیدۆ پاشماوەیەکی دەروونی-بایۆلۆژییە، ئەوا نابێت ببێتە زاراوەیەکی پێشدەست لە لێکۆڵینەوەکاندا(سارتەر). لەکۆتاییشدا، دەروونشیکارییەکەی سارتەر کاریگەریی میکانیکیی ژینگە لەسەر سوبێکت ڕەتدەکاتەوە. ئەویش چونکە: "ژینگە تا ئەو کاتە کاریگەریی دەخاتە سەر سوبێکت کە سوبێکت خۆی ناواخنی بکاتەوە"(سارتەر). بێگومان ڕەتکردنەوەی هۆکارە میکانیکییەکان ڕەتکردنەوەی هەندێ سیمبول و ڕەمزی تریشن. بەم جۆرە ئەنجامگیرییەکەی سارتەر دەرهەق بە دەروونشیکارییەکەی فرۆید ئەمەیە: میتۆدەکانی لە پرەنسیپەکانی باشترن. ئەوە ڕوون و

---

[9] lived

[10] known

ئاشکرایە کە دەروونشیکاری لە کارە سەرەتاییەکانی سارتەردا ئامادەن و سیمۆن دی بۆڤواریش بێگومان پێیان قایلە. وی، ئەزموونی خۆی لەگەڵ سارتەردا دەربارەی دەروونشیکاری لە دەیەکانی بیست و سییدا بەم جۆرە دەخاتەڕوو:

شتێکی وامان سەبارەت بە فرۆید نەخوێندبووەوە، (لێکدانەوەی خەونەکان) و (سایکۆپاتۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە)ی لێ دەرچێت. ئێمە بەر ناواخنی فرۆید و کارەکانی نەکەوتبووین، بەڵکو تەنها خوێندبوونمانەوە. سیمبولیزمە دۆگماییەکەی و تەکنیکی گرێدانەوەکانی ئێمەی بێزارکردبوو. پانسێکسوالیزمی فرۆید شۆکیکردین، وەکبڵێی جۆرە شێتییەکی تێدایە. هەروابێتەوە هێرشەکانیشی بۆ سەر غەریزە پیوریتانییەکانمان. لە سەروو هەموشیانەوە، گرنگیدانی وی بە نەست و ڕەقیی تیۆرە میکانیکییەکانی، بەو جۆرەی ئێمە تێیاندەگەیشتن، بەو واتایە دەهاتن کە فرۆیدیزم واتە لەبنکڵیشەدەرهێنان و بنەبڕکردنی ویستی ئازاد.

باسەکە زۆر ڕوونە، لانیکەم لەو فەترەیەدا، سارتەر ئەنتیفرۆیدییەک بوو. ئەوە تەنها دواترە کە نزیکبوونەوەیەک لە فرۆید لەلایەن سارتەرەوە دەبینین، ئیتر بەبۆنەی نوسینی سیناریۆکەوە بێت یان گەشەی فیکریی وی؛ ئەمەش دواتر سەریکێشا بۆ نوسینی (Search for a Method) و (The Family Idiot). لەم دوو بەرهەمەدا هەندێ نزیکبوونەوە بەدیدەکەین. لە (Search for a Method) جەخت لە گرنگیی فەترەی مناڵی دەکاتەوە و بەم جۆرەش کەمێ درک بە بەهای دەروونشیکاری دەکات. سەرەڕای ئەمانە، کەچی ئەو دەنووسێت: "دەروونشیکاری هیچ پرەنسیپێکی نیە، هیچ بنەچەیەکی تیۆری نیە، ئەمە لە کارەکانی یۆنگ و هەندێ کاری فرۆیدیشدا دەردەکەون.

ئەمە لە ڕاستیدا میتۆلۆژیایەکی بێئازارە(سارتەر). ئەی چی دەربارەی ئەم دانپیانانەی سارتەر لە ساڵی ١٩٦٩دا، کە ئەودەم خەریکی (فلۆبێر)      ەکەی بوو:

گەر بێینەوە سەر باسی فرۆید، بۆ من، کە فەڕەنسییەکی لەدایکبووی ناو نەریتێکی دیکارتییم و سەروکارم لەگەڵ ئەو عەقڵانیەتەدا هەیە، بیرۆکەی نەست شتێکی وەڕزکەرە. تەنها ئەوەش نا، لەڕاستیدا تا ئەمڕۆش بێزم لە هەندی شتی وی دێتەوە. پەنابردنە بەر زمانێکی فیسیۆلۆژی و بایۆلۆژی بۆ دەربڕینی ئایدیاکانی؛ کە تەنها دەشکرا بەو جۆرە دەریانببڕێت. بەو جۆرەی فرۆید باسیدەکات، ئۆبێکتی دەروونشیکار، بەدەست شەلەلێکی میکانیکییەوە دەناڵێنێت. بەهەرحاڵ، ئەو سەرکەوتوو بووە لە تێپەڕاندنی ئەم ئاڵنگارییەدا، بەڵام هەرچۆنێکیش بێت ئەو زمانەی [فرۆید] بەکاریدێنێت جۆرە میتۆلۆژیایەکی نەستە کە من ناتوانم قبووڵیبکەم. تەواو لەگەڵ کۆمەڵێ فاکتی وەک ماسکپۆشین(Masking) و چەپاندندام، یانی لەگەڵیاندام تا ئەو کاتەی فاکتن. بەڵام "چەپاندن"، "لۆمەکردن" و "پاڵنەر" لە هەندێ جێدا کۆتاییگەرن و لە هەندێ جێشدا میکانیزمن. من ئەمەش ڕەتدەکەمەوە.

دواتر سارتەر بەردەوام دەبێت بە وتنی ئەوەی کە، شەرحکردنی دیاردەیەکی وەک چڕبوونەوە(Condensation)، دەکرێ ببرێتەوە سەر ڕچەی دەروونناسیی بەزەینداهێنانەوە(ئەمە واتە هێنانی دوو ئۆبێکت-وێنە پێکەوە لەلایەن فاکتەرێکەوە کە نائاگایانەیە)، یانیش وەک کۆتاییگەرێک سەیربکرێت. بەپێی سارتەر، ئەمە دەربارەی نەستیش هەر ڕاستە، نەست یا سیستەمێکی ڕەقی هۆکارمەند(Causal)ـە یان کۆتاییگەرێکی نهێنیدار. سارتەر دواتر ئەم جمکە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "نەست لەسەرەتادا هەر ئاگاییەکە، بەڵام دواتر وەردەگەڕێتە سەر شتێک کە ئاگایی نیە. و ئەم

شتەش کە نابێتە ئاگایی، دەبێتە میکانیزمێکی سادە". ئێمە دەتوانین شتێکی بۆ زیادکەین: دەبێتە شتێک. وا دەردەکەوێت کە بەرەنگاربوونەوەکانی سارتەر بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە هەر هەمان شت بوون. دوای جەختکردنەوەی بەردەوامی سارتەر لەسەر ڕەتکردنەوەکانی وی دەرهەق بە نەستی دەروونشیکاری، هێڵێکمان لەمەڕ گەشەسەندنی فیکریی خۆی لە کتێبی بوون و نەبوونەوە بۆ دەکێشێت.ئەمە لە چەمکی "تیاژیاو"ەوە دەستپێدەکات؛ سارتەر ئەم چەمکە تەرحدەکات لەپێناو "پاراستنی ئەم (ئامادەیی خود)ە، کە لەڕاستیدا زۆر گرنگە بۆ بەرجەستەبوونی هەر فاکتێکی دەروونی... ئامادەییەک وا لە بنەڕەتدا زۆریش ڕوون نیە. هێند کوێر و ناڕوونە کە دەکرێت پێی بڵێین (غیابی خود)"(سارتەر). سارتەر ئەم بیرۆکەیە لەپێناو جێگۆڕکێپێکردنێک لەگەڵ بیرۆکەی ئاگاییدا بەکاردێنێت، دیارە ئەمە بۆ ئەوە نیە شتێک لەمەڕ نائاگایی(نەست) یان پێشئاگایی(Preconscious) بڵێت، بەڵکو پێداگرتنە لەسەر ژیریی ئاگایی لە خەسڵەتپێدانی خۆی لەڕێی لەبیربردنەوەوە. ئەم بیرۆکەیە بەکاردێنێت لەبەر خاتری زاڵبوون بەسەر لێڵێ و ناڕوونیی هەم غایەتناسی(تێلۆلۆژی)یانە و هەم میکانیکیی هەندێ فاکتی دەروونی. ئەو دەڵێت "هەر فاکتێکی دەروونی، نیەتمەندانە ڕووەو شتێک دەڕوات. بەڵام، هەندێ لەم فاکتانە تەنها بابەت(ئۆبێکت)ی تێگەیشتنن بێ ئەوەی ناوێکیان هەبێت یان زانراو بن". ساڵێک دواتر، ئەم بابەتە لای کۆنتات و ریبیلکا باسدەکات و دەڵیت کە ئەمە ئامرازێکە و هێشتا پێویستی بە تیۆریزەکردنی زیاترە. سارتەر لەڕێی ئەمەوە، دەخوازێت ئەوە پیشانبدات کە هەرچەندە فلوبێر باش لە خۆی تێدەگات، بەڵام هێشتا خۆی ناناسێت. لێرەدا وا دیارە کە هەمدیس گەڕاوینەتەوە بۆ هەمان ئەو

جیاکارییە سەرەتاییەی لە بوون و نەبووندا هەیە. لەڕاستیشدا بۆ ئەوەی بزانین چی شتێک لە ناواخندا هەیە، پێویستە زیاتر بە سارتەردا ڕۆچین.

با بگەڕێینەوە سەرەتا. هەموان دەزانن کە فەلسەفەکەی [ئیدمۆند] هۆسەرڵ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر فیکری سارتەرەوە هەبووە. ئەم بیرمەندە فەڕەنسییە، هەوەڵین کارە فەلسەفییەکەی، (Transcendence of Ego)، وردەناونیشانێکی بەمجۆرەی هەبوو: هێڵکێشیی شەرحێکی فینۆمینۆلۆژی. سارتەر لەم دەقەیدا، بە پرسیارخستنەسەر بوونی منی ترانسێندێنتاڵ(Transcendental I)ی هۆسێرڵ دەستپێدەکات. جوڵەیەکی بەم چەشنە، دەرەنجامێکی ئاوهای دەبێت: لانیکەم نزیکبوونەوەی سارتەر لە فرۆیدییەکان، چونکە فرۆیدییەکانیش گریمانەی زەمینەیەکی هەمیشەییان دەکرد کە خاڵییە لە (منI-) یَک. سارتەر خۆی لەم بابەتە بەئاگا بوو. [بەڵام] جیاوزییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە، ئەو زەمینەیە بۆ فرۆیدییەکان نەستە و سارتەریش بە گرنگی دەزانێت ئەمە وەک خەلەلێک پیشانبدات؛ لەپێشتر ئاماژەمان بەمە دا. لە کتێبی (وێناکردن، ڕەخنەیەکی سایکۆلۆژییانە)دا، سارتەر هەمیسان دەپەرژێتەوە سەر هۆسەرڵ، ئەویش لەپێناو بەرگریکردن لە گرنگیی پەرەسەندنی "سایکۆلۆژیایەکی فینۆمینۆلۆژییانە"دا.[ئەو سایکۆلۆژیایەی کە] سایکۆلۆژیای زاڵی سەردەم هەڵدەتەکێنێت. بۆچی؟ چونکە[بە وتەی سارتەر] ئەم سایکۆلۆژیایە کە لە فەیلەسوفە ئەڵمانییەکەوە دێت[واتە هۆسەرڵ] ، ڕێمان بۆ خۆشدەکات بنیادە جەوهەری و پێکهێنەکانی سوبێکت بهێنینە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە بڵێت ئاگایی بە نیەتمەندێتی (intentionality) پێناسدەکرێت. "ئەمە ئایدیا بنجییەکەی فینۆمینۆلۆژیای هۆسەرڵە"(سارتەر). دوای کارکردن لەسەر چەمکی وێناکردن لە سایکۆلۆژیادا، سارتەر

کتێبی سایکۆلۆژیای وێناکردنی بڵاوکردەوە. لەم بەرهەمەیدا، بەدەقیقی دەیەوێت سایکۆلۆژیایەکی فینۆمینۆلۆژییانە لەمەڕ وێناکردن دامەزرێنێت. دواتر و هەر لەبن کاریگەریی هۆسەرڵدا، لە کتێبی (Sketch for a theory of the Emotion)، ئەو عاتیفە(Emotion) وەک مۆدێکی بوونی ئاگایی شرۆڤەدەکات. هێشتا لێرەدا سارتەر دەخوازێت پەرە بە سایکۆلۆژیایەک بدات کە، بە وانە فینۆمینۆلۆژییەکان سازوتەیارە. هەر لەم کتێبەدا، گۆشە و فەسڵێکی تایبەت سەبارەت بە دەروونشیکاری جیادەکاتەوە. لەڕاستیدا، ئەم جیاکردنەوەی فەسڵەی تایبەت بە دەروونشیکاری، دەبێتەهۆی گواستنەوە لە سایکۆلۆژیایەکی کلاسیکییەوە ڕووەو سایکۆلۆژیایەکی فینۆمینۆلۆژییانەی تایبەت بە سارتەر. لەوێدا بە دەرخستنی ئاڤانگاردیزمی دەروونشیکاری دەستپێدەکات: "بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە کە دەروونشیکاریی ئەوەڵین شت بوو کە پێداگریی لە ڕاستییە دەروونییەکان دەکرد. ئەمە واتە، دەروونشیکاریی ئەوەڵین شت بوو کە بڵێت هەر دۆخێکی ئاگایی لەبنەوەڕا لەڕێی شتێکی ترەوە کۆنترۆڵدەکرێت، کە بێگومان ئەویش ئاگایی خۆی نیە"(سارتەر). دوای ئەوەی سارتەر ڕەخنەیەکی زۆری دەروونشیکاری کرد، چونکە دالی لە مەدلول جیاکردبووەوە لەڕێی زنجیەرەیەکی هۆمەندانەوە، ئەو دەڵێت: "گەر بەحەق بدوێین، ئەوەی کە بەدرۆخستنەوەیەکی گشتگیرانەی دەروونشیکاری دەکاتە شتێکی ئەستەم، ئەوەیە کە دەروونشیکار پرۆسەی دەلالەتکردن بەتەواوی ناخاتە دەرەوەی ئاگاییەوە. بەلای دەروونشیکارەوە، وێکچوون و هاوجووتییەک لەنێوان فاکتی ئاگایانە و ئەو ئارەزووەدا هەیە کە دەریدەبڕێت. ئێمەش لەمەدا تەواو کۆکین لەگەڵیان". بەوجۆرەی سارتەر دەیڵێت، ئەمە بەو مانایە دێت کە هەمیشە پێکبەستێکی ناونشین(Immanent) بۆ تێگەیشتن لەم دووانە هەیە؛ ئیتر

ئەگەر ماناکەشیان هەمیشە ڕوون نەبێت، ئەوە هەر پلەیەک لە چڕبوونەوە و ڕوونی هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیە کە سارتەر بەتەواوی کردارەکانی دەروونشیکار و ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان هێناوە، ڕەتناکاتەوە. بەڵکو ئەوەی ئەو لەبنجدا ڕەتیدەکاتەوە، تیۆریی هۆمەندێتیی دەروونییە. "تا ئەو کاتەی دەروونشیکار تێگەیشتن بکاتە بنەمای لێکدانەوەی ئاگایی، دەبێت بەڕوونی ئەوەی بیربێت کە هەرشتێک شیاوی لێکدانەوە بێت لە ئاگاییدا، ئەوا دەبێت ڕیشەکەشی هەر لەناو ئاگاییدا بێت(سارتەر). [بە دەربڕینێکی تر و لە ڕوانگەی سارتەردا، دەروونشیکار هەرکاتێک بیەوێت لە ئاگایی بکۆڵێتەوە، نابێت ڕیشەی بابەتەکە بگەڕێنێتەوە بۆ نەست]. خولیای سارتەر بۆ دەروونناسیی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە وی پێیوایە دەروونناسیی نەزمێکە لە "مرۆڤ لە دۆخدا" دەکۆڵێتەوە. سارتەر دەڵێت:"لەبنجدا، ئەم[دەروونناسی]یە لە فینۆمینۆلۆژیاوە هەڵدەقوڵێت، چونکە لێکۆڵینەوەیەکی درووست لە "مرۆڤ لە دۆخدا" پێویستیی بەوەیە بزانرێت مرۆڤ چیە، جیهان چیە و بوون-لە-جیهاندا چیە. سارتەر دەڵێت کە هێشتا ئەم بیرۆکانە ڕوونتەبوونەتەوە بەڵام ڕۆژێک دێت، ئەم چەشنە ئەنترۆپۆلۆژیایە دەناسرێت و دەبێتە بناغە بۆ هەر سایکۆلۆژیایەکی تر. لە هەمان کاتدا، دەکرێ سایکۆلۆژیا بە پرسیارکردن لە دیاردەکان دەستپێبکات، ئەویش بەو مانایەی لە فاکتە دەروونییەکان و ماناکانیان بکۆڵێتەوە. ئەرکی سارتەر لەو دەمەدا پەرەدان بوو بە سایکۆلۆژیایەک وا خاوەن میتۆدێک بێت "مرۆڤ لە دۆخدا" کنەبکات. دی بۆڤوار ئەم خولیایەی کۆتایی بیستەکان پشتڕاستدەکاتەوە:"هەوڵماندا لە پاڵنەر(Motive)ەکانی مرۆڤ تێبگەین...بەدڵنیاییەوە دەمانویست پێکڤە کاربکەین چونکە هیچکاممان هیچ میتۆدێکی شیکاریمان نەبوو. بڕوامان بە سایکۆلۆژیای کلاسیکیی فەڕەنسی نەبوو، هەروابێتەوە

ڕەفتارگەراییش. هەرچی دەروونشیکارییە سیقەیەکی سنووردارمان پێی هەبوو"(1962، 106). هەرچەندە ڕەخنەکانی سارتەر و دی بۆڤوار ڕووەو دەروونشیکاریی بەردەوام بوون، بەڵام دی بۆڤوار دەشڵێت کە هێشتا وان زۆر دامەزراو نەبوون و نەیاندەتوانی توێژەرە ڕاستەقینەکانی وەک فرۆید و هەندێ لە قووتابییەکانی، لەوانە جیابکەنەوە کە وەک مەزهەب و ئایینزایەک[دەروونشیکارییان وەرگرتبوو]. هەمدیس، دی بۆڤوار دەڵێت:"هەروەک کایە(field) کانی تر، لەم کایەشدا هەندێ خەلەل هەبوون وا دەمانبینین، بەڵام نەماندەزانی چی حەقیقەتیک بخەینەجێیان. چەمکی apprehension(تێگەیشتن) کە لە یاسپەرزەوە قەرزمانکردبوو، دواتر بۆماندەرکەوت کە چەمکێکی لێڵ و ناڕوونە. پێویستمان بە پلانێکی سیستەماتیک بوو بۆ ئەوەی لە خەڵک تێبگەین بێ ئەوەی پەڵەیەک جێبێڵین، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئێمە خاوەنی ئەمە نەبووین". هەر بەرەنجامی ئەم کارانەیە کە لە کار و کتێبە سەرەتاییەکانیاندا ڕەنگدەدەنەوە. لە سەروو هەموویانەوە، کتێبی بوون و نەبوونی سارتەر هەوڵێکە بۆ سەرپێخستنی ئۆنتۆلۆژیایەکی فینۆمینۆلۆژی؛ هەروەک پێشتریش وتمان، ئەمە هەوڵ و بناغەیەک بوو بۆ سایکۆلۆژیایەکی فینۆمینۆلۆژی. بەڵام سارتەر دەڵێت ئۆنتۆلۆژیایەکی بەو چەشنە، هاوشێوەی دەروونناسیی ئیمپریکی، سنوورداریێتیی خۆی دەبێت. "هەر لەڕاستیدا، ئەگەر ئۆنتۆلۆژیایەکی وا بتوانێت دەربارەی حەقیقەتی مرۆیی بدوێت و، لەولاشەوە لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییەکان دەربارەی ئارەزووە ئیمپریکییەکان بدوێن، ئەوا لەڕاستیدا هیچیان ڕاستناکەن(لە پۆلێنکردنی ئارەزووەکانی تاکدا)"[سارتەر]. بە دیدی سارتەر، ئەم دوو لێکۆڵینەوەیە چ ڕەپتیان بە ئۆنتۆلۆژیاوە نیە، بەڵکو تەواو پەیوەستن بە دەروونشیکاریی بوونگەرایانەوە. ئەم میتۆدە[تازەیەی دەروونشیکاری] لەو

جێیەوە دەستپێدەکات کە میتۆدە ئۆنتۆلۆژییەکە تێیدا وەستابوو؛ ئەرکی ئەم میتۆدە نوێیەش دەخوازێت مەیل و خواست و چەمانەوەکانی تاک دەربخات. کەوابێ، دەروونشیکاریی بوونگەرایانە دەبێتە ئەو سایکۆلۆژیا فینۆمینۆلۆژییەی سارتەر بۆ ماوەی دە ساڵی پێشتر قسەی لەبارەوە دەکرد. ڕەنگە بگوترێت کە ئەم چەشنە دەروونشیکارییە قەرزاری دەروونشیکارییەکەی فرۆیدە. "ئەوەڵێن هێڵەگشتییەکانی ئەم میتۆدەمان خۆراکی لە دەروونشیکارییەکەی فرۆید و قووتابییەکانی وەرگرتووە"(b1984؛ 727). دواتر سارتەر دەکەوێتە ژماردنی ڕووە لێکچووەکانی دەروونشیکارییەکەی خۆی و ئەوەی فرۆید. ئێمە لێرەدا تەنها ئاماژە بە پنتە گرنگەکان دەدەین. . لەسەرەتادا هیچ پێدراوێکی ئەوتۆ بوونی نیە. مرۆڤەکان وەک هەبوویەکی هەمیشەیی و مێژوویی سەیردەکرێن. ئەوەی گرنگە مرۆڤە لە جیهاندا، یان با بڵێین "مرۆڤ لە دۆخدا"، لەکۆتاییدا سارتەر دەڵێت: "تەنها یەک قوتابخانە هەیە وا بناغەی لێکۆڵینەوەکانیان هاوچەشنی ئەوەی ئێمەیە، ئەویش قووتابخانەی فرۆیدییە. هەم بۆ فرۆید و هەم بۆ ئێمەش، ئەکت(کردە) تەنها لە چێوەی سنوورەکەی خۆیدا قەتیسنابێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بنیادی قووڵتر. و دەروونشیکاریی ئەو میتۆدەیە کە ئەم بنیادانەمان بۆ شرۆڤە و ئاشکرا دەکات. فرۆید هاوشێوەی ئێمە دەپرسێت: داخۆ لەبن کام هەلومەرجی تایبەتدا بووە وا ئەم کەسە هەستاوە بە ئەنجامدانی ئەم کردە تایبەتە؟"(سارتەر). بەڵام سارتەر لەگەڵ تێڕوانینە ستوونی و ئاسۆییە جەبرگەراکانی فرۆید، دەرهەق بەوەی کە کردەکان بەرەنجامی ڕووتی ڕابردوون و چەشنی نووقسانی(Lack)یەک لە داهاتوودا دێنەوە، هاوڕا نەبوو. سارتەر پێیوابوو، دەروونشیکاریی فرۆیدی، بەهۆی میکانیزمە هۆمەندەکانیەوە، پابەند نەبوو بە

بەڵێنەکانیەوە:"[چونکە] ئەو شەرحەی پێشتر دەربارەی کردەی سوبێکت دەیکرد، وازیلێهێنا و دەستیدایە شەرحێک کە فیتاوفیت بۆ ئۆبێکتەکان بوو. لەو جێیەشدا کە سارتەر سودی لە فرۆید بینیوە، ڕوودەکاتە جۆرە شەرحێک وا ڕەنگە ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانەی هەبێت، ئەویش بەم جۆرە: "لەڕێی دەروونشیکارییەکی پاشڤەچوو(regressive)ەوە، کەسێ لە ئەکتی ڕەچاوکراوەوە دەڕوات بۆ ئیمکانێک لەوپەڕیدا، بەڵام لە دەروونشیکارییەکی پێشکەوتووەوە، ڕێک بەپێچەوانەوە، کەسەکە لەو ئیمکانەوە دێتەوە بۆ ئەکتەکە و فۆرمێکی گشتی بەدەستدێنێت"(سارتەر). ئەم میتۆدەی پێشکەوتوو-پاشکەوتووە لە کتێبی (search for a method)دا زیاتر ڕووندەبێتەوە.

پێموایە ئێستاکێ ڕوونە کە دەروونشیکاریی فرۆید، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێشڤەچوونی فیکری سارتەردا. ئەو سایکۆلۆژیا فینۆمینۆلۆژییەی سارتەر وەگەڕیخست- وەک خۆشی لە بوون و نەبووندا ئاماژەی پێ دەدات- ڕچەوئسلوبی خۆی لەڕێی دەروونشیکارییەکەی فرۆیدەوە دەدۆزێتەوە. تاکو ئەم جێیە، من تەنها خۆم لەناو کارە فەلسەفییەکان[ی سارتەردا] قەتیسکردووە؛ بەڵام هەندێ نووسەری تر هەن وا سەریان لە کاری تری جیاواز داوە و هەر بەم دەرئەنجامەش گەیشتوون. گرنگیی فرۆید لە ڕێ و فیکری سارتەردا کاتێ ڕوونتر دەبێتەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی سارتەر. [بۆنمونە] ئارنۆڵد و پیرو، هەروابێتەوە جەنەڤیف. وان، لە کتێبەکانی وەک "وشەکان" و (the childhood of a leader)ی سارتەردا، کە زیاتر فۆکەس خراوەتەسەر دەروونشیکاری، ئەوە دەڵێن کە سارتەر لەم دوو بەرهەمەدا زیاتر لەوەی کە لە "ئەنتی-فرۆیدی"یەک چاوەڕێبکرێت ئاشنایی بە کارە فرۆیدییەکانەوە پێوەدیارە. ئارنۆڵد و پیرو

زیاتر تیشکدەخەنە سەر کتێبی *سێ تێز(وتار) دەربارەی سێکسوالیتە*، لەکاتێکدا جەنەڤیف لە وتارە کەمەندکێشەکەیدا زیاتر ئاماژە بە (دەرسگوتاری بەرایی دەربارەی دەروونشیکاری، تێبینیی دەروونشیکارییانە دەربارەی هەژمارێکی خۆبایۆگرافییانەی کەیسێکی پارانۆیا، سایکۆپاتۆلۆژیای ژیانی ڕۆژانە، لە مێژووی عوسابێکی منالأنەوە و لێکدانەوەی خەونەکان) دەدات و لە چیرۆکیکی کورتدا دەیانپەستێنێت. لەڕاستیدا ئەم کارانە[ی ناومهێنان] زیاترن لەو سەرچاوانەی دی بۆڤوار لە ( the prime of life)دا خستبوونیە بەردەم سارتەر. تەنانەت پۆنتالیس کۆن-سۆلال ئاماژە بە هیچیەکێک لەوانە نادات لە ئامادەکردنی سیناریۆکەدا. بەڵکو ئاماژە بە (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی دەروونشیکاری و {La naissance de la psychanalyse}) دەدات و سەرەقەڵەمیکیش دەربارەی شارکۆ دەنووسێت. ژان فرانسوا لوتێ، لە وتارێکی کەمەندکێشیدا، دەکۆشێت بڵێت کە دەقی شانۆیی ( the condemned of Altona) لەبن کاریگەریی فرۆیددا نووسراوە، لەگەڵ ئەمانەدا ناوی هەردوو کتێبی موسای مایکل ئەنجێلۆ و غەریبە(**uncanny**) دێنێت، گوایە سارتەر ئەمانەی وەک سەرچاوە بۆ سیناریۆکە بەکاربردووە. هەموو ئەمانە، پشتڕاستکەرەوەی ئەو مقۆمقۆیە بوون وا لە سەرەتای نوسینەکەدا لەمەعبێن سارتەر و هیوستندا درووستبووبوو، و ئەوەشمان پێدەڵێت کە سارتەر بەروەخت کارەکانی فرۆیدی خوێندۆتەوە و باش ئاگاداری تیۆریی دەروونشیکاریی بووە. هەروەتر، سارتەر ئەم زانینانەی دەخاتە بواری کردارەکییەوە و، بۆنمونە، لە سیناریۆیەکی[وەک ئەوەی فرۆیددا] ڕەنگدەداتەوە؛ وەک هەمیشە هەمان کاری هەیە، دەکۆشێت لە (مرۆڤ پەیوەست بە ژینگە و بە کاتەوە) و ئەو ڕێگا تاقانەیەی هەر لە منالییەوە کەسێ لەناو خێزانێکدا دەیبڕێت، تێبگات. بیر لە

بۆدلێر و سانت ژینێی سارتەر دەکەمەوە، کە بێگوومان لەپێش سیناریۆکەوە دێن، هەروابێتەوە خۆژیاننامە و فلوبێرەکەشی. ڕەنگە هەموو ئەمانە ئاماژە بن بۆ "بایۆگرافیا"، بەڵام لەڕاستیدا پێکرا بەکارهێنانی ئەو سایکۆلۆژیا فینۆمینۆلۆژییە بوون کە سارتەر خستیەڕوو؛ ڕوونتر بڵێین، بەکارهێنانی دەروونشیکاریی بوونگەرایەنە بوون کە هێجگار قەرزاری فرۆیدە. دەرهەق بەم چەشنە دەروونشیکارییە، لە ساڵی ١٩٤٣، سارتەر دەڵێت:"ئەم دەروونشیکارییە، هێشتاکێ فرۆیدی خۆی نەدۆزیوەتەوە. بەڵام ڕەنگە بە چەند سەرەداوێک و لەڕێی دوو بایۆگرافیاوە شتێکمان لێ ڕۆشنببێتەوە. دەخوازین بتوانین هەوڵێک لەگەڵ فلوبێر و دۆستۆیڤسکی بدەین". وا دیارە لەو چەند ساڵەدا سارتەر بووەتە ئەم "فرۆید"ە پێشکەوتووە.

باشە دواتر چی بەسەر ئەم فرۆیدە نوێیەدا[سارتەر] هات، کاتێ کەوتە کنەکردنی ژیانی سەرمەشقەکەی[فرۆید]؟ من لێرەدا لەگەڵ ئێلیزابێس ڕۆدینسکۆ هاوڕا نیم کاتێ دەڵێت ئەم سیناریۆیە، پێچێکی لە فیکری سارتەردا درووستکرد. بەڵکو، لەوەی هەتاکو ئێستا خستوومەڕوو، هێشتا [لە فیکری سارتەردا] بەردەوامییەک بەدیدەکەم. بێگوومان ئینکاریی لەوە ناکەین وا، خوێندنەوەی سەرلەنوێی ژیان و کارەکانی فرۆید، وای کرد سارتەر تێگەشتنێکی باشتر و قووڵتری هەبێت بۆ بابەتەکان. بەتایبەت پێموایە خوێندنەوەی بایۆگرافیاکەی [ئێرنست] جۆنز، و ئەو نامانەی لەنێوان فلیس و فرۆیددا ئاڵوگۆڕکراون، زیاتر سەرنجی سارتەریان ڕاکێشاوە. دوای خوێندنەوەی بایۆگرافییەکەی جۆنز، سارتەر لە ڕستەیەکیدا بۆ پۆنتالیس ئەوە دەردەخات کە خولیایەکی زۆری بۆ کارەکتەر[ی فرۆید] هەبووە. ئەو دەڵێت:"دەبێ بڵێم ئەو فرۆیدەی جەنابت، تەواو تەواو کەسێکی عوسابی(نیورۆتیک) بوو". لە دی بۆڤوارەوە ئەوە تێدەگەین وا هەرتک (سارتەر و دی

بۆڤوار)، لە ئەوەڵین ڕۆژەکانیانەوە عوساب سەرنجیانی کێشکردووە. ئەو دەڵێت:" هەر شتێک لەوپەڕی خۆیدا کێشیدەکردین، ئیتر بۆنمونە دەروونپەشێوی(سایکۆسیس) یان عوساب(نیورۆسیس). لێرەدا مەبەستم لە باوەڕ و عاتیفە زیاد لە ڕادەنەی ئەو کەسانەیە کە بەناو نۆرماڵن". و ئەم خولیایە، بەتایبەت لای سارتەر، هەرگیز نەپووکایەوە؛ ئیتر خولیای وی بۆ عوسابی ئەوانیتر یان بۆ ئەوەی خۆی. دواتر گەیشتە ئەوەی سارتەر خۆژیاننامەیەک بنووسێت و بنەچەی [عوسابەکەی خۆی] بخاتەڕوو. هەندێک گریمانە ئەوە دەخەنە پێشدەم، گوایە ڕەنگە نوسینی سیناریۆکە هۆکاری سەرەکیی بووبێت بۆ نوسینی کتێبی (The words). نابێ ئەوەشمان بیرچێت وا ئەم کتێبە پێشی چەند کارێکی چڕوپڕی تر لەمەڕ فرۆید نووسراوە، باشترێکە دەربارەی ئەو سەروەختە گوێ بۆ سارتەر خۆی بگرین. وی، دەڵێت:" دوای ئەوەی هەموو ئەم کارانەم دەربارەی خۆم نووسی...لەم سۆنگەیەوە، لە عوسابەکەم چاکبوومەوە. ئەویش لە سەروبەندی ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤دا بوو. ئاواهی دەمخواست لێیتێبگەم، دەمویست بزانم چی وا لە مناڵێکی نۆساڵان دەکات بچێتە ناو دۆخی عوسابییانەی ئەدەبیاتەوە، لەکاتێکدا ئەوانیتر نۆرماڵ[دەهاتنە بەرچاوان]. ئیتر ئاوا کتێبی (The words)م نووسی". سارتەر لە سیناریۆکەدا، گەشتێکی هاوشێوە دەربارەی چارەسەری عوساب دەخاتەڕوو. دەکرێت ئەم گەشتەی فرۆید تاکو سەرەتای سەدەی نوێ[واتە سەرەتای سەدەی بیستەم]، بەراوردبکەین بە بایۆگرافییەکەی ئێرنست جۆنز؛ وا تێیدا دەربارەی داهێنەری دەروونشیکاری دەڵێت:"دەتوانین بەبێگومان ئەوە بڵێین کە، فرۆید بە هەموو مانایەک تەواو گەشەیکردبوو. گەشە ڕۆشنبیرییەکەی وی سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام دیوە عاتفییەکەی ژیانی کاتێکی زیاتری ویست تاکو جێگیر ببێت. لەدوای ئەم ساتانەوە،

چیتر ڕووبەڕووین لەگەڵ کەسێک وا لە پیاوێکی تێکچڕژاوەوە ڕووەو جەنگان لەگەڵ کێشمەکێشە ناوەکی و دەرەکییەکانی شەقاودەنێ". سارتەر و فرۆید، هەرتک دوو مرۆڤ بوون وا، لە چلەکانی تەمەنیاندا لە دۆخی (گومان لە خۆ)یەکی کاریگەردا دەژیان. ڕەنگە وتنی ئەمە زۆریش گرنگ نەبێت، چونکە مرۆڤەیلی زۆر ئاواهین...

هەندێ نوسەری تر هەن وا هەمیسان ڕووی لێکچووی سارتەر و فرۆید دەخەنەڕوو(بیەتلۆ، لاڤەرس، لویت و سکریڤن). خۆم لەچێوەی هەندێ توخمی گرنگی نوسینەکانی واندا دەهێڵمەوە، کە شایەنی ئەوەن بیانهێنینە بەرباس. پێش هەموو شت، باس لەو "شێتی"(madness)یە هاوبەشە دەکەم، وا لە حەسرەت و تاسەی هەردوولادا هەیە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ بەگشتی. وەک پێشتریش دیتمان، دی بۆڤوار ئەمەی دەرهەق بە سارتەر سەلماند، جا سەبارەت بەوەی فرۆید، فرۆید خۆی بۆ فلیس دەنووسێت:"مرۆڤێکی وەک من بەبێ دارشەقێک و حەسرەتێکی بەکوڵ و زۆردارێک ناتوانێ بژی...ئەو زۆردارەشم دۆزییەوە و جەستە و ڕۆحی خۆمم پێدا. ئەو زۆردارەش ناوی سایکۆلۆژیایە و کردوومە بە دوایین غایەتی خۆم، لەو سەروەختەشەوە سەرکەوتوو بووم لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا چونکە من ڕووبەڕووی عوسابەکان بوومەوە. لە یەک کاتدا دوو تەماح دەمخورێنن:...دووەمیش ئەوەیە وا، تشتەکی سودبەخش لە سایکۆپاتۆلۆژیاوە لەپێناو سایکۆلۆژیایەکی نۆرماڵ هەڵگۆزم. لەڕاستیدا ئەستەمە چەمکاندنێکی گشتیی بۆ تێکچوون و بێنەزمییە عەسەبی/دەروونپەشێوییەکان بکەین، بەبێ ئەوەی پێوەندییەکانیان بە دەروونێکی بەنەزم و نۆرماڵەوە ڕۆشنکەینەوە. لەم چەند هەفتەیەی دواییدا، کۆی کاتە بۆشەکانی خۆمم بۆ ئەم پرسە تەرخانکردووە. هەموو شەوێک، لە کاتژمێر یازدەوە بۆ دوو، دەکۆشم خەیاڵبکەم، بیانگوازمەوە و دواتر هەر بەهۆی ئەو پچڕانە "بێمانا"یانەوە

یان هەر بەسادەیی بەهۆی ئەوەی کە نەمتوانیوە بەردەوامییان بدەمێ، شیکاریانبکەم". ئایا سارتەریش لە کتێبی (the words)دا باس لە هەمان سەردەستە و زۆردار ناکات؟: "گوێ لە دەنگی تۆمارکراوی باپیرم ناگرم، دەنگێ وا بێدارمدەکاتەوە و تا سەر مێزەکەمم دەبات. گەر ئەوە نەبوایا، لەنێوان هەشت بۆ دە ساڵیدا، لەبەرانبەر ئەو هەموو ئەمر و فرمانانەدا خۆم بە بەرپرسیار نەدەزانی و بە خاکیبوونەوە قبووڵمنەدەکردن. ئەو فرمانانە لە پێستم هەڵژەنراون، گەر ڕۆژێک بەبێ نوسین بەڕێکەم، جێبرینەکانم دەمسوتێنن، گەر هەروا زۆر بەسادەییش بنووسم، هەمدیس هەر دەمسوتێنن". لێرەدا زۆر لەسەر ڕاستییە ناوەستم وا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی باوک، ڕەنگە ئەمە بۆ بابەتێکی تر جێبهێڵم. بەڵکو باسی ئەوە دەکەین، کە هەردووک فرۆید و سارتەر هەمان چەشن لە سەردەستە و زۆردارییان هەبووە. ئەو دووە، لە ئاستی فیزیکیدا بوونیان نەبووە، بەڵکو دەیانتوانی جەوهەری بوونیان وەک ئەمر و فرمان دەرپەڕێنن. دیارە ئەمە لای فرۆید ناوی سایکۆلۆژیایە و لای سارتەریش ئەدەبیات. سارتەر[هاوشێوەی فرۆید]، زۆر بەئاسانی هاوشووناسبووبوو لەگەڵ زۆردارەکەیدا، تا ئاستێک وا ببووە مەترسیی بۆ سەر تەندرووستیشی. کاتێ سارتەر کتێبی ( the words)ـی نووسی، گووتی کە لە عوسابەکەی چاکبۆتەوە و، ئەم بەرهەمە ماڵاوایی( Farewell )ـەکە لە ئەدەبیات؛ بەڵام دواتر دەبینین سارتەر هەر بەردەوامە لە نوسین. سارتەر لە سیناریۆکەدا، چاکبوونەوە و ئازادبوونی فرۆیدمان لە سەردەستە و زۆردارە مرۆییەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، جگە لە سایکۆلۆژیا(وەک بینیمان، ئەم پرسە ڕێک لە هەناوی بابەتەکانی سارتەریشدا هەیە). دەتوانین فرۆید وەک داهێنەرێک وێنابکەین، کەسێ بوو وا تا مردن بەدوا ئامانجەکەیەوە بوو. دەتوانین بڵێین ئایدیا بنجییەکەی

هیوستن هەر ڕووبەڕووکردنەوەی فرۆید بوو لەگەڵ خۆیدا، ئەویش چونکە [کۆی ماوەی سیناریۆکە] و حەکایەتەکەی تایبەت بوون بە سەروەختەی فرۆید خەریکی خۆشیکاکردن بوو، ئەویش بەجۆرێک وا گونجاو بێت بۆ بەرهەمێکی شانۆیی. دەتوانین هاوشێوەییەک لەڕێی "ستوونێکی ڕێنوێنیکەر"ـەوە لە کتێبی "وشەکان"ـەوە دەربێنین:"من گۆڕاوم. دواتریش باسی ئەو ناقۆلایی و تاڵییانە دەکەم وا، وایان لێ کردبووم ببمە خزمەتکاری توندوتیژی و دەربارەی دۆزینەوەی "ناشرینی"ـی خۆشم دەدوێم کە سەروەختایەک پرەنسیپە نەرێنییەکانم بوون؛ ئەوەش کە چۆنچۆنی منالێکی نازدار لەوەدا چەقیبەستبوو. باسی ئەو هۆکارەش دەکەم وا وای لێکردم هەمیسان بەشێوەیەکی سیستەماتیکانە دژ بە خۆم بیربکەمەوە، ئەویش لەڕێی ئەو ژان و ئازارەی وا حەقیقەتی ڕوونی ئایدیایەک تووشیدەکردم. وەهمە کۆنەخوازییەکانی پارچەپارچە بوون، بوونبە: شەهیدی(martyrdom)، نەمری و ڕزگاری". کاتێ یەکێك سیناریۆکە دەخوێنێتەوە، هەست بە هاوسۆزی(sympathy)ـی سارتەر دەکات بۆ فرۆید. سەرەڕای ئەمەش، ناتوانین بڵێین گۆڕانی سارتەر، یەکاویەک بەبۆنەی دۆزینەوەکانی فرۆیدەوە بوون. بەڵام پاش هەموو شت، کارێ لەمەڕ ژیانی خۆی و کارێکیش لەمەڕ ژیانی فرۆید، هەر دەبێ ئاماژە بن بۆ هەندێ فاکت. سەربار، نوسینەکانی سارتەر ڕێنوێنیکەرن: بۆنمونە، وی تەرحی هیپنۆتیزە، مییتۆدی پاکژکردنەوەی دەروونی، بەزەینداهێناوەی ئازاد، گواستنەوە(Transference)، چەپاندن، مانای خەونەکان، ڕیشە سێکسییەکانی عوساب، سێکسوالیتەی منالً، بەرەنگاری و گرێی ئۆدیپ دەکات. [بە واتایەکی تر، ئەگەرچی گۆڕانەکانی سارتەر یەکاویەک و سەددەرسەد بەبۆنەی فرۆیدەوە نەبوون، بەڵام هێشتا سارتەر کۆکە لەسەر ئەو ئایدیایانەی وا فرۆید پێشدەم تەرحیکردبوون]. بێشک

چەمکی نەستیش ئامادەیی هەیە، بەڵام وەک هازڵ بارن دەڵێت، ئامادەیە وەک باوەڕی خراپ(bad faith). لەگەڵ ئەمشەدا، بەدرێژایی[سیناریۆکە]، تا ئەو جێیەی گرنگیی بە کارەکتەرەکانی ناوی بدەین، ئەستەمە بتوانین لەڕێی ئەم یان ئەوەوە یان پەیوەستکردنیان بە "تیاژیاو"ـەوە، شیکارییان بۆ بکەین. ئەوەی لێرەدا دەربارەی ڕەتکردنەوەی نەست لەلایەن سارتەرەوە دەتوانین بیڵێین ئەوەی کە، [ئەم ڕەتکردنەوەیە] زۆریش ڕوون نیە لە سیناریۆکەدا. هەروەها پێگەیەکی تریش هەیە دەرهەق بە دەروونشیکاری وا، سارتەر هەرگیز وازیلێنەهێنا و لەڕێی کارەکتەری فرۆیدەوە [لە سیناریۆکەدا] دەیخاتەڕوو. بێگومان سینارۆکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەتا فرۆید ماینەرت جێدێڵێت، کە دینوئیمانی فیسیۆلۆژیا و نیورۆلۆژیا (دەمارناسی) بوو. دواتریش فلیس جێدێڵێت، کە وی‌ش پەرەپێدەری زانستێکی نامرۆیی بوو. فرۆیدەکەی سارتەر پێیوایە کە، لەژێر باری بیروباوەڕی ماینێرتدا وا دەخنکێت، ئەویش کە [بیروباوەڕێکی] بەم جۆرەیە:"بوونەوەری زیندەڵ(Living organism) بەشێکە لە جیهانی فیزیکی، کە پێکهاتووە لە سیستەمی ئەو ئەتۆمانەی وا لەلایەن هێزێکی ڕاکێشەر-دوورخەروە ـوە دەڕواتەڕێوە؛ هەروەک یاسای پاراستنی وزە"(1984 sartre). سەبارەت بەمە، [فرۆید] بەسادەیی دەڵێت:"دەخوازم خۆم بناسم". لێرەدا ڕووبەڕووین لەگەڵ دوو پرستدا وا بۆ ساتەر دوو پرسی بنچینەیین. ئەوەڵین شت، سارتەر قەت دەستی لە بیروباوەڕی خۆی هەڵنەگرت. وەک لە ساڵی ١٩٤٣دا دەنووسێت:"ئاخ! ئەگەر بمانتوانیبا چەشنی شتانی تر، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش بکەین. گەر تاکێتی(individuality ) وەک چۆنێتییەکی پێدراو بووبا، ئەوا مرۆ دەیتوانی لە خۆی ڕزگاربیبێت...ئەفسووس کە پرسە

کۆمەڵایەتییەکان شت نین، ئەوان مانایان هەیە و ماناکانیشیان، دەگرێنەوە لۆ ئەو تشتەی لێوەی هاتوون. ئەمە واتە، مرۆ لە یەک کاتدا ناتوانێت هەم زانا بێت هەم ئۆبێکتی زانستیش". ناواخنی بابەتی سیناریۆکە، لەسەر ئەم قسانە(ـی سارتەر) ڕۆنراوە:"پیاوێک دەستدەداتە ناسینی ئەوانیتر، چونکە پێیوایە تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی خۆشی بناسێت. وی، درک بەوە دەکات کە، گەرەکە توێژنەوەکان لەمەڕ ئەوانیتر و خۆی، لە هەمان کاتدا ئەنجامبدات. مە، خۆمان لەڕێی ئەوانیترەوە دەناسین، ئەوانیتریش لەڕێی خۆمانەوە دەناسین(sartre 1984). فرۆید هەرگیزاوهەرگیز نەیدەتوانی لە حەقیقەتی ئە،انیتر تێبگات، گەر بهاتبا و وازی لە خودی خۆی یان ئەوانیتر و سەرچاوەی ماناکانیان هێنابا. مرۆڤ بە هەمان شێوهی ئۆبێکتەکانی تر، نابێتە ئۆبێکتی زانست. تاکە ڕێگەی تێگەیشتن لە مرۆڤ، لەڕێی تێگەیشتنێکی پێشئۆنتۆلۆژییەوەیە وا بەردەستە دەربارەی کەسایەتیی مرۆیی. ئەم جیاکارییەی نێوان تێگەیشەن و شەرحکردن، پرسێکی بنچینەییە بەلای سارتەرەوە و [بەڵام]، نزیکبوونەوەی پرەنسیپمەندانەی وی لە فرۆید دەرخەری شکستی جیانەکردنەوەی ئەم بەرامبەرکێیەیە. تەنانەت سەبارەت بە پرسی نەستیش، هەر لێڵی و ناڕوونیی ئەم پێوەندییەی نێوان کۆتاییەتی(finality) و هۆمەندێتی(causality)یەیە وا، سارتەر بێزاردەکات. چونکە ئەم ئیمکانەی دووەم، پشتگیریی میکانیزمێکی سادە دەکات وا لەبن فاکتە دەروونییەکاندا دەنیشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی لەباربردنی بیرۆکەی نیەتمەندێتی و دواتریش ئازادیی تەواوی سوبێکت. توخمە کێشەدارەکەی تر لە ئیمکانی هەبوونی زانستێکی تەواو ئۆبێکتیڤ دەربارەی مرۆڤ، لەو پێوەندییەوە فیچقەدەکات وا لەنێوان، ئەوەی دەزانێت و ئەوەی دەربارەی زانراوە، بینادەکرێت. لەم جیاکارییەوە، یەکێک

دەبێت بە سوبێکت و ئەویتریش بە ئۆبێکتێکی سادە، هەر ئەمە پێوەندیی نێوان دەروونشیکار/نەخۆش دەکاتە پێوەندیی نێوان سەردەستە/ژێردەستە. ئەم پێوەندییە چەوسێنەرە، لە دیمەن(scene)ێکی سیناریۆکەدا دەنوێنرێتەوا، کاتێ فرۆید داوا لە یەکێک لە نەخۆشەکانی دەکات چارەسەری کارەبایی قبووڵبکات، ئەویش بەوەی کە لەسەر کورسییە کارەباییەگە دانیشێت. [ئەمە چارەسەرێکە] بە قەولی سارتەر هاوشێوەی "ئامرازەکانی ئەشکەنجەدانی سەدەکانی ناوەڕاستە...کەمێکیش بیرخەرەوەی سزا گەورەکانە لەڕێی کورسیی کارەباییەوە لە ئەمریکا(a1985). هەروابێتەوە فرۆیدێک دەبینین وا لەبن کاریگەریی فلیسدا، مامەڵەیەکی بەد و ڕەق لەگەڵ نەخۆشەکانیدا دەکات، بەڵام دواتر ئەمە جێدێڵێت و کاتێک دێتە لای کاسیلی پێوەندییەکی یەکسان بینادەکات. هیچ شتێک یاردیدەر نیە L'homme au mangnètophone نەبێت(سارتەر). لە هەردوو باردا، ئەو کێشانەی دێنە بەردەم ئیمکانی دروستبوونی زانستێکی مرۆیی، کە خۆی لەسەر بنەمای زانستێکی سرووشتی بینادەکات، ئەو کێشانەن وا پەیوەست بە ئازادی و مرۆ خۆیەوە. بۆیە، ئەو ڕەخنانەی لە یەکەم نیگادا ئەپستمۆلۆژی(مەعریفی) دێنەبارچاو، دواتر دەردەکەوێت کە زیاتر ڕەخنە و پرسی مۆراڵیە [نەک ئەپستمۆلۆژی]. لەوێدا لەگەڵ میشێل کۆنتات هاوڕام کە دەڵێت جیابوونەوەی سارتەر لە فرۆید، جیابوونەوەیە لەسەر بنەمای سیاسی و پراکتیکی و مۆراڵی، نەک کۆمەڵێ جیاوازیی بنەڕەتیی فەلسەفی. منیش دەڵێم جیابوونەوەکە فەرمی و لەبان کاغەز بوو، بەڵام هێشتا ئەو دووە، تاکو مردن، هاوەڵییەک لە مەعبێنیاندا هەبوو. تێبینییەکی گرنگی تر ئەوەیە کە، ئەو تێڕوانینەی سارتەر بۆ بەرامبەرکێی تێگەیشتن/شەرحکردن هەیبوو-دەبێ ئەوەش بزانین وا هەڕ ئەمە بەربەستی

نێوان سارتەر و فرۆید بوو-بە هیچ جۆرێک بە زاراوە دەروونشیکارییەکان بەراوردناکرێت. وەک کاترین کلیمۆن دەڵێت، ئەو ڕەخنانەی سارتەر دەرهەق بە دەروونشیکاری، پێشتر و پێش جەنگیش لەلایەن شیکارکەرەکان خۆیانەوە گیرابوون. دەمەوێت ئاماژە بەو ناونیشانەی جوانەی وی بدەم لە وتارێکیدا کە دەربارەی سارتەر دەڵێت: ئەو دژ بوو، تەواوی دژی دەروونشیکاری بوو.

سەرچاوە:

The Freud Scenario: A Sartrian Freud - A Freudian Sartre? Marie-Andrée Charbonneau Sartre Studies International , 2007, Vol. 13, No. 2 (2007), pp. 86-112